# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## بیرەوەری

**کاظم قادر**
Kazmkader72@yahoo.com



ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین  بوو بە زەریاو
زەریا ..کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

**پێشەکی**

شەوارەی شەوانەی سەفەر گێڕانەوەی حەقیقەتی تاڵی سەفەرێکە، کە بە هەزاران مرۆڤی کۆمەڵگای عێاق و کوردستان دەردو ئازارو مەینەتییەکانی بینیوەو چەشتووە.سەفەر سەرزەمین و پانتاییەک بوو لە دوو توێی خۆیدا هەڵگری تراژیدیای گەورە بوو.بۆ سەدان لەو کۆچبەرانەی ڕێگای دڕکاوی و سەختییەکانی سەفەریان گرتەبەر،بە قیمەتی گیان و لە دەستدانی ژیانیان تەواو بوو،بۆ هەموو ئەوانەش کە ڕێکەوتی مەرگیان نەکرد،وەکو بیرەوەرییەکی تاڵ و پرژان لە زەین و یادەوەرییاندا دەمێنێتەوەو لەوانەیە زەمەنێکی زۆری بوێت تاکو بتوانن ئاسەوارە خراپەکانی لە بیر بەرنەوە.
من لێرەدا نەمویستووە هۆکارەکانی سەفەر بنووسمەوە،بەڵکو هەوڵمداوە گۆشەیەکی بچووکی سەفەر بە پێی هەست کردن و دیتن و ژان و هەڵچوونەکانی خۆم و ئەو ڕووداوو پێشهات و سەختیانەی کە بینیومەو هەستم پێکردووە بنووسمەوە.
سەفەر ئەو دوورگەو سەرزەمینە شاراوەو پڕ نهێنی و ئاڵۆزو جەنجاڵ و کارەساتبارەیە،زۆر کەم یان دەتوانم بڵێم هیچی لە بارەوە نەنووسراوە،کە بە ڕای من دیسان ئەو دوورگەو سەرزەمینەیە سەدان و هەزاران بابەت و چیرۆک و ڕۆمان و نووسین و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ و جێی    خۆیەتی بنووسرێتەوەو کۆمەڵگا حەحیقەتە تاڵەکانی بزانێت.
دەبێت تێبگەین و بزانین سەفەر چی بوو چۆن و بە کوێدا سەفەرمانکرد! مەرگ و ژیانەکانی ..شادی و پێکەنین و گریانەکانی..ئازارو نامۆیی و گرتن و لێدان و سوکایەتی و زیندانەکانی..خەوو خواردن و هاوارو بێمافییەکانی...
سەفەر بۆ من هەر لە سەرەتاوە بە نامۆیی دەستی پێکرد! هەنگاو هەنگاو نامۆیی دەبووە فەزای خەیاڵ و ئەندێشەو ڕامانەکانی من.لە یەکەمین چرکەی سەرکەوتنە ناو سەیارەو یەکەم هەنگاو،نامۆیی دەست پێدەکات.
لە سەر دەست و قاچی یەکتر دادەنیشی و لە هیچ حاڵەتێکی ئاساییدا لە وەها شوێنێکدا دانانیشیت.بە ڕێگای سەخت و تاقەت پروکێندا دەڕۆیت و
تووشی هەناسە سواری و مردن دەبیت،نانێک دەخۆیت بە ئارەزووی خۆت بۆت نەهاتووە،لە جێگایەکدا دەخەویت نە جێگای خەوەو نە بە ویستی خۆت هەڵتبژاردووە،ڕێگاکان پڕن لە ڕەنج و ستەم و مەرگ و لە ناو چوون.قاچاخچی قسەی ناشیرین و جوێن دەدات..پۆلیس دەتگرێت و سوکایەتی و لێدان و زیندانیت دەکات..پیس و خۆڵاویی و غەمگینیت.. پارەو

خواردن و جگەرت لێدەبڕێت و پڕ دەبیت لە خۆزگەو حەسرەت و ئارەزووەکانت..وە دەیان و سەدان کارو کردەوەی شاراوەو نهێنیترکە مەگەر

تاک بە تاکی کۆچبەران خۆیان بدوێنی و بێنە ئاخاوتن و ڕاستگۆیانە حیکایەتەکانی خۆیان بگێڕنەوە!!

من لە سەفەردا بە داخ و ستەم و ئەندێشەیەکی پڕژان و ژاردا سەفەرم کردو تێپەڕیم."شەوارەی شەوانەی سەفەر" گۆشەیەکی بچووکی ئەو ڕەسمەیە لە بێقەراری و هاوارو ستەمێک کە من هەستم پێدەکردو دەمچەشت و ژانی پێدەکردم.ژانی خۆم و ئەو مرۆڤگەلەی لە پەنا دەستمدا بوون و ئازارو سەختی و موعانات و گریانەکانیانم بینیوە! ژانی ئەوەی بۆچی ئەم دنیاو سیستەمە ئاوایەو مرۆڤەکان هێندە بێبایەخ و سووک و بێماف ئازادی و ژیان کراون؟

شەوارەی شەوانەی سەفەر،زۆرجار من دەگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو.. لێرەدا ئێستاو دوێنێی من ئاوێتەو موتوربەی یەکتر دەبن و پێکەوە سەفەرو شەوارەی شەوانەی سەفەر دەنووسنەوەو ڕەنگ ڕێژیی دەکات.

لە شەوارەی شەوانەی سەفەردا من– ئێمە شووبهێنراوە بە شەوارەی باڵندەو سوێسک و ئاسکەکان! شەوارەی ئەو باڵندەو بوونەوەرانەی ڕاوم دەکردن و شەوارەو کوێرم دەکردن و دەمگرتن!!!

**کاظم قادر**

تێبینی:شەوارەی شەوانەی سەفەر،ئایاری 2003نووسیومە،سەرەتا ویستم وەکو کتێبێک چاپ و بڵاوی بکەمەوە،بەڵام تاکو ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا،لە بەر ئەوە بڕیارمدا بە زنجیرە بڵاوی بکەمەوەو دواتر ئەگەر توانیم ،جارێکیتر وەکو کتێبێک بڵاوی بکەمەوە.

**بەشی یەکەم**

ئێوارەی یەکی حەوتی 2002 بوو،هەموومان کە نزیکەی 30 کەس دەبووین لە ماڵێکدا بووین لە سلێمانی،هەموومان خۆمان ئامادە کردبوو چاوەڕێیسەیارەکانمان دەکرد.سعات یانزەی شەو بوو سەیارەکان هاتنە بەردەم ماڵەکەو هەموومان بە پەلە سەر کەوتین و لە سەر دەست و قاچی یەکتر دانیشتین.

هەر ئەو کاتەی چوومە نێو سەیارەکەوە بە دەستی خۆم نەبوو،هەستم بەنامۆییەکی تاڵ و کووشندە دەکرد.ئازاریکی قووڵ لە ناخەوە دەیهەژاندم وڕۆحم هاوارێکی سەیری دەکرد!لەوانە بوو تا ئەو کاتە وەها هەستێکم نەبووبێت،هەستی ئازارێک بۆ هەموو ئەوانەی کە هەمەو بە جێیدێڵم و بۆهەموو ئەو پێشهات و نادیارانەی لە پێشمدایەو بەرەو ڕوویان دەڕۆم.

هەستم دەکرد بۆ جێگایەکی نادیار دەڕۆم و هەرچییەکیشم هەیە لێم بە جێما.هەستی ئەوەی"شتەکانم"لێبەجێما داخی دەکردم!مرۆڤ هەمیشە برێک شتی هەیە کە لە دنیای خۆیدا جوان و شیرین و پڕ بایەخن و خۆشی دەوێنبۆ منیش هەروابوو،هەستم وابوو هەموو ئەو شتە جوان و شیرین و فەنتازییانەی دنیای من پێکدەهێنن،بە جێمان و لە دەستم چوون.

مرۆڤ ئەگەر بە ئارەزوو خواستی خۆی سەفەر بکات واتە هیچ شتێک ناچاربە سەفەر کردنی نەکردبێت،دەکرێت چێژوخۆشییەکی زۆر ببینێ و هەست پێبکات.بەڵام ئەم جۆرە سەفەرانە لە شێوەی سەفەر کردنی پاڵەوانی ئەو داستان و چیرۆکە ئەفسانەییانە دەچێت،کە لە ڕێگادا پاڵەوانەکانی ڕووبەڕوی دەیان پەرژینی دێو و درنجو دەعبای ئەفسانەیی دەبنەوەو هەمیشە لە بەرامبەر ململانێیەکی توندو دژواری مەرگ و ژیاندان...

ئەو شەوە تاکو بەیانی بە ڕێگاوە بووین،لە نێو سەیارەکەدا جێگەمان تەنگ و دژوار بوو،لە بەر تەنگی شوێنەکانمان هەمیشە شەڕو نیوە شەڕ لە نێو نەفەرەکاندا دروست دەبوو،هەمیشە قاچ و جەستەمان سڕو شەکەت بوو پێش هەڵهاتنی ڕۆژ گەیشتینە سەر سنووری ئێران،لە دامێنی شاخێکی بەرزدادابەزین و چاوەڕوانی ڕێبەرە ئێرانییەکانمان دەکرد.ئەگەرچی هاوین بوو بەڵام ئەو بەیانییە شنەبایەکی خۆش و فێنکی کوێستانی دەهات،خۆریش هێدی هێدی هەڵدەهات و دنیای ڕووناک دەکردەوە،بەڵام هەڵهاتنی ڕۆژ هیچ ماناو ئومێدێکی نوێی بە دڵ و دەرونی من نەدەبەخشی.هەڵهاتنی ڕۆژلە زەین

و ئەندێشەی مندا ، لە ڕۆخساری ئیوارەیەکی پڕ خەم دەچوو کەڕێبوارانی وەک لە بیابانێکی ساردو ڕچیوی بەر باو بۆران و زریاندابن ولە حەژمەتدا سەریان خستبێتە نێو باوەشیان..من ئاوام دەبینی و پێم وابووتابلۆیەکی ئاواهییە.
پاش سعاتێک ڕێبەرە ئێرانییەکان بە دوو سەیارەوە گەیشتنە لامان.ئێمە بیستونۆ نەفەر بووین،هەر نیوەیەکمان چووینە نێو یەکێک لە سەیارەکانەوەو بە ڕێکەوتین.سەیارەکان بە ڕێگایەکی هەرە سەخت و هەورازو نشێودا دەڕۆیشتن،لە هەر وەرگەڕانێکدا ئەگەری مردنی هەموومانی تێدا بوو.لە ڕاستیدا ئەوە ڕێگای سەیارە نەبوو ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین، بەڵکو بۆ ئاسکو بزنە کێوییەکان باش بوو پێیدا هەڵزنێن نەک بۆ سەیارە.
هەروەها شۆفێری ئێرانی زۆر نەترس و چاوقایمن لە لێخوڕینی سەیاەردا،ئەوان کاتێک سەیارەیان لێدەخوڕی بە شێوەیەک دەبینران کە هەست بە مەترسی مەرگ نەکەن،ئیتر باکیان لەوە نەبوو ئەوانەی لە گەڵیاندان زراویان بچێت.
سێ تا چوار سعات بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە نزیک شاری بانە، لەوێ مەودایەک دوور لە شارەوە لە نێو دارستانێکدا دامانیان بەزاندو سەیارەکان ڕۆیشتن.هەموومان شەکەت و ماندوو خۆڵاوی وەک سیماو دیاردەیەکی تاڵ،هەر چەند کەس و لە پاڵ دارێکدا ڕاکشابووین و کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکەینەوەهیەکێک لە ئێرانییەکان لە گەڵمان مابووەوە حەزم کرد چەند پرسیارێکی لێبکەم،دوای برێک قسەوباس گوتم:ئایا دڵتان بە خاتەمی خۆشەو ئەو بەڵێنانەی کە دای،هیچیانی جێبەجێکرد؟ئەگەر چی حەزی بەم پرسیارو باسە نەبوو،بەڵام گوتی پێشتر دڵمان پێی خۆش بوو،کەچی هەموو قسەو بەڵێنەکانی بە درۆ دەرچوو،بۆیە ئێستا ئەویش" ئەرزشێکی"نەماوە.
نیوەڕۆ هەندێک نان و تەماتەیان بۆمان هێناو خواردمان،هەموومان حەزمان لە چا دەکرد،لەوانە بوو من لە هەموویان زیاتر تامەزرۆ بووبێتم،داوای چامان لەو برادەرە کرد گوتمان بەڵکو چامان بۆ بێنیت،ئەویش گوتیدوایی..دواییش هەر نەیهێنا.
کە شەو داهات دوو "مێکزەمینیان" هێناو گوتیان سەرکەون،هەر هێندەمان لێخۆش بوو سەرکەوتین،هەر وەک بە ئاسماندا بفڕین وابوو،کوڕی ئازا ئەو کەسە بوو خۆی بگرێ و با نەیبات.یاخود فرتە نەکاتە دەرەوەو هەلا هەلا ببێت.بە شێوەیەک لێدەخوڕین وەکو ئەوە وابوو هەرچی پاسدارو ئیتلاعات و ئاخوندی ئیسلامی هەیە بە دوامانەوەبن.لە بەر تەپوتۆزو گەردەلوول چاومان نووقاندبوو هیچمان نەدەبینی،سەیارەکان پێش و پاشی یەکتر دەڕۆیشتن،ئەوەی پێشەوە ئاسایی پێشی خۆی دەبینی،بەڵام ئەوەی دواوە بە هیچ شێوەیەک پێشی خۆی نەدەبینی و کەچی بە هەمان خێرایی ئەوەی پێشوو لێیدەخوڕی،من سەرم سڕ دەما کە چۆن وەرنەدەگەڕا! ترس و نیگەرانی وەرگەڕانی سەیارەکان بۆ یەک چرکە لە مێشکمان دەرنەدەچوو،بە ڕاستی ئەو ترس و نیگەرانییە هەرگیز بە نووسین وەسف ناکرێت،مەگەر مرۆڤ بە چاوی خۆی ببینێت چ ڕوو دەدات.
ئەو شەوە دوای ئەوە کە بە نێو شاری بانەدا تێپەڕین و لە شار دەرچووین،پێش ئەوەی بگەینە پرسگەی دەرچوونی شار،دامانیان بەزاندو بە پێ بە قەد پاڵ و شاخێکدا پرسگەکەمان تێپەڕاندو کەوتینە ئەو دیوی پرسگەکە.لەوێ بە کەناری جادەکەوە دانیشتبووین و چاوەڕوانی سەیارەکانمان دەکرد.ماوەیەکی زۆر چاوەڕێمان کرد هەر نەهاتن،دواجار دوای سێ سعات چەند سەیارەی تریان هێناو هەر جارەی چوار پێنج کەسیان سەر دەخست و دەیانبردن لە شوێنێکیتر دایاندەنان.گۆڕینی سەیارەکان لە بەر ئەوە بوو سەیارەکانی خۆمان ئاشکرا نەبن یاخود گومان نەکەوێتە سەریان.
دوای ئەوەی هەموومانیان گواستەوە گوتیان ئەم شەو دەبێت لێرە بمێننەوەچوونکە لێرە ناتوانین بە شەو ڕێبکەین.دۆڵ و قامیشەڵانێکیان پێمان نیشاندا گوتیان شەو لەوێدا بخەون.ئەگەرچی هاوین بوو بەڵام هێندە سارد بوو خەومان لێنەدەکەوت.
هەر چۆنێک بوو ڕۆژمان لێبووەوەو ڕێبەرەکان هاتنەوە،سەرکەوتین و دیسان مێکزەمین باڵی گرتەوەو فڕی،ئەم جارە بە جادەی قیرتاودا دەڕۆیشت،شۆفێرەکان هێندە شێت و سەرسەخت بوون لە پێچەکانیشدا هێواشیان نەدەکردەوە.نازانم چەند ڕێمان کردبوو گوتیان "گەشت" بە دوامانەوەیە."گەشت" ئەو دەستەو گروپە چەکدارانەیە کە بە دوای شتی"یاساخ و نایاساییدا"دەگەڕین.
ئەم جارە بە جادەیەکی خۆڵ و زیخەڵاندا لایاندایەوەو فڕین،ڕێبەرەکان وریاو شارەزا بوون،هەر لە دوورەوە گەشت و

کەمینەکانیان دەبینی و بە لایەکیتردادەڕۆیشتن.ئەو ڕۆژە چەندجار تووشی ئەو گەشتانە بووین،بەڵام دەرباز دەبووین.کەم جار بۆماوەیەکی کورت بە جادەی قیرتاودا دەڕۆیشتین،هەمیشە بە جادەکانی خۆڵدا دەڕۆیشتین،هەڵبەتە بە دوورترین و سەختترین ڕێگادا،ئەوەش لە بەر ئەوە بوو ئەگەری گرتنمان کەمتر دەبوو.ئەو جادە خۆڵانە زۆر شەکەتمانی دەکرد،هەمووی شاخ و هەورازو نشێوی سەخت بوو،دەچووینە ئاسمان و دەهاتینە خوارەوە.سەیارەکان بە خێراییەکی مەترسیدار دەڕۆیشتن،مەگەر شوێنێک هەر زۆر سەختایی بوایەکەمێک هێواشیان بکردایەتەوە،ئەگینا لە شوێنەکانیتردا بازیان پێدەدا.سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بوو گەیشتینە لای چەند ماڵی کۆچەری کە ئاژەڵیان بە خێو دەکرد،لەوێ کەمێک وەستاین،ڕێبەرەکان پرسیاریان لە خاوەن ماڵەکان کرد کە ئایا ئەمڕۆ گەشت بەم ناوەدا هاتووە یان نا؟ ئەوان گوتیان ئەمڕۆ هیچمان نەبینیوە.ئێمەش چەند کەس لە سەیارەکانەوە ملمان هێنابووە دەرەوەو سەیرمان دەکرد،چوونکە دەبوایە هەمیشە لە ناوسەیارەکاندا خۆمان مات بکردایە،تاکو بە هەر شوێنێکدا ڕۆیشتین کەس نەمانبینێت،ئەوەش دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ ئێمەو ماندووی دەکردین.

لەوێدا بووین لە دوورەوە سەیارەیەکیان بینی و گوتیان ئەوە گەشتەو بۆ ئێرە دێت.ڕێبەرەکان بە یەکێک لە خاوەن ماڵەکەیان گوت دەکرێت ئەم نەفەرانە دابەزن و ماوەیەک لێرە خۆیان حەشاربدەن،تاکو بزانین ئەو سەیارەیە چییە؟خاوەن ماڵەکەش گوتی با دابەزن،ئەوە بوو هەموومان دابەزین و بەرەو ناو ماڵەکان ڕۆیستین،کە دابەزین خاوەن ماڵەکان سەیریان لێهات کە ئەو هەموو نەفەرە لە کوێدا بوون؟خەریک بوو پەشیمان

ببنەوەو نەهێلن بچینە ماڵەکانیانەوە،دوایی شوێنێکیان پێمان نیشانداو گوتیان بچنە ئەوێوە..ئەوێ گەوڕو بەهاربەنی ئاژەڵەکانیان بوو.

نیو سعات لەوێ ماینەوە دوایی کە زانیمان مەترسییەک لە گۆڕێ نییە دیسان بە ڕێکەوتین.

ئەو ڕۆژە چەند جاریتریش لە چۆڵەوانیدا دامانیان دەبەزاندو سعات و دوو

سعات دەماینەوە،زۆر جار ئاومان لێدەبڕاو تینوێتی پەرێشانمانی دەکرد.

سعات یانزەی شەو گەیشتینە ڕەزایە،هەموومان بڕستمان لێبڕابوو هەموو گیانمان ببووە تۆزوخۆڵ..ڕۆخسارمان دەردی لێدەچۆڕا.

دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لە ڕەزایە،جارێکیتر بە سەیارە بەرەو گوندی

"مەلحەم' کە پیم وابێت دەکاتە دوا گوندی سنوری ئێران–تورکیا بەڕێکەوتین.دۆخی ئەم جارەمان لەوەی پێشوو خراپتر بوو،زۆر شێتانە سەیارەکانیان لێدەخوڕی،من دەمگوت ئەگەر بەزەییان بە ئیمەدا نایەتەوە

با بەزییان بە سەیارەکانی خۆیاندا بێتەوە!

پێش ئەوەی بڕۆینە ناو گوندەکەوە جارێکیتر دامانیان بەزاندو گوتیان ماوەیەک لێرە چاوەڕێ بکەن دواتر دەچینە ناو گوندەکەوە،هەڵبەتە ڕێبەرەکان ڕۆیشتن و ئێمە هەر خۆمان ماینەوە.ئێمەش کەمێک لە ڕێگاکە دوور کەوتینەوەو بە قەدپاڵ و بەردەڵانێکەوە دانیشتین.ماوەیەک تێپەڕیبوو چەکدارێکی ڕانکوچۆغە لە بەرمان بینی بەرەو لای ئێمەدێت و یەکێکیتریشی لە گەڵدایە.لە خوارەوە لە سەر ڕێگاکە دانیشت و بانگی لێمان کرد بچین بۆ

لای!چەند کەس ڕۆیشتین..سڵاو.. گوتمان چیتان دەوێت؟چەکدارەکە گوتی من گەریلای" پ ک ک"..و پارەم لێتان دەوێت!! گوتمان پارەی چی و بۆچی پارە بە تۆ بدەین؟گوتی ئێوە بۆ هەندەران دەڕۆن و هەر کەسێکیش بەم "مەملەکەتەی"ئێمەدا تێپەڕێت و پێبزانین،ئەوا ئێمە حەقی خۆمانی لێوەردەگرین!سەیر بوو داوای"حەقی" خۆی لە ئێمە دەکردا ئێمە گوتمان خۆ ئێمە بازرگان نین تاکو باج و خەراجمان لێوەربگریت؟بەڵام ئەو دەیگوت من ئەو قسانە نازانم و نابیستم من حەقی خۆم گەرەکە.من نەمدەزانی ئەو چ حەقێکی لای ئێمەیە.هەر یەکێک لە ئێمە دنیایەک پارەی قەرز کردبوو کەچی ئەویش دزی و جەردەیی دەکردو ئێمەی ڕووت دەکردەوە.

ماوەیەکی زۆر ملمان بە داواکەی نەداو دەمانگوت پارەمان پێنییە،بەڵام هیچ

سودێکی نەبوو..ئەو دەیگوت بڕۆن پەیدای بکەن،چوار مشقی لە سەر زەوییەکە دانیشتبوو تفەنگەکەی خستبووە باوەشی و دەیگوت منتان بینیوەچۆن دانیشتووم؟ هیچ کارێکم نییە..یەک هەفتە..یەک هەیڤ ئاوا دادەنیشم تاکو پارە پیدا دەکەن..!

ڕاستیشی دەکرد ئەو جۆرە دانیشتنە ئەو لێی دانیشتبوو،دەیتوانی یەک ساڵیش چاوەڕوانمان بکات تاکو پارەی بۆ پەیدا دەکەین.

پاشان گوتمان وەرە بمان پشکنە ئەگەر پارەت پێمان گرت هەمووی بەرە بۆ خۆت..ئەو دەیگوت کاری ئاوا ناکەم..دوایی دەڕۆن و دەڵێن گەریلاکانی

"پ ک ک" ڕووتمانی کردۆتەوە..واتە ئەگەر ئەو ترسەی نەبوایە ئەو کارەشی دەکرد.لە گەڵ ئەوەشدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بە زۆر ستاندن و دانیشتن بە دیارتەوە تاکو پارەی بۆ پەیدا دەکەیت نەبوو.

دوایی کە زانیمان ئاسنی سارد دەکوتین کەوتینە مامەڵەوە !گوتمان چەند پارەت دەوێت ؟گوتی هەر یەک بیست دۆلار بدەن..داوای دۆلاریشی دەکرد نەک تمەن و لیرە !

گوتمان ئەو پارەیە زۆرەو ناتوانیین بیدەین..ئەو دەیگوت ئێوە بۆ هەندەران دەڕۆن بیست دۆلار چ بایەخێکی هەیە..!ئەم مامەڵەیەش زۆری خایاند..دوو سەد دۆلارمان کۆکردەوەو گوتمان هەر هێندەمان هەیە..وەریگرت و لوولی کردو خستیە باخەڵیوە...

پانزە خولەکمان مابوو بۆ گوندەکە،سەیارەکی جۆری پیکابیان هێناو گوتیان سەرکەون،کەس ناپرسێت جێگەمان نابێتەوەو چۆن سەرکەوین؟ سەیر دێتە پێش چاو کە زیاتر لە سی کەس سەرکەوتینە نێو یەک پیکابەوەبەڵام جۆن؟هەموومان بە پێوە وەستابووین و توند یەکترمان گرتبوو،هەر سێ لای سەیارەکەش نەفەر خۆی پێدا هەڵواسیبوو،سەیارەکە وەک جۆلانە ئەمدیوەو دیوی دەکرد..زۆر جار نزیکی وەرگەڕان دەبووەوە..هەموان" دوعای" خێریان دەکرد،لە دڵتەنگی و ترسی ئەو دۆخە پڕ نیگەرانییەدا چەند کەس گریان..؟! کاتێک گەیشتینە گوندەکە "شایەتمانیان" دەهێنا.

لەوێ بردمانیانەماڵێکەوە،هەموومان هیلاک و وێران و برسی بووین، هێلکەی کوڵاوو چایان بۆمان ئامادە کردبوو،چوونکە برسیمان بوو زۆر بە لەزەتەوە نان و چاکەمان دەخوارد.

هەموومان لە ناو ژوورێکی گەورەدا دانیشتبووین،چەند ژن لە ماڵەکەدا هەبوون،لە گەڵماندا دادەنیشتن و کراوەو رووخۆش بوون و لە گەڵماندا

قسانیان دەکرد.لە ناو ژوورەکەدا وێنەی چەندین گۆرانی بێژو هونەرمەندی

ئێرانی و بیانی هەڵواسرابوون،وەکو معین و ناسری ڕەزازی و سبیلجان و

چەندین ژنیتر کە جلی نیوە ڕووتیان لە بەردابوو،تەنها وێنەی خومەینی و

ئاخوندەکانی تێدا نەبوو.لە ڕێگاش ئەو جۆرە وێنە نیوە ڕووتانەم لە دیوی ناوەوەی دەرگای یەکێک لە سەیارەکان بینی،بە شۆفێرەکەم گوت ئایا ئەو وێنانە یاساخ نییە؟ بە ووشکییەکەوە گوتی:هەموو دنیا بە واقعیئەوانە دەبینێت ناکرێت ئێمە لە وێنەشدا بیانبینین!

* * * *

دوای حەوانەوەیەکی باش سعات یانزەی شەو بەرەو تورکیا بە ڕێکەوتین، هەندێک لە نەفەرەکان ئەسپیان بە کرێ گرت و ئەوانیتریش بە پێ.

نیو سعات لە گوندەکە دوور کەوتبووینەوە ،لە نێو دۆڵ و شیوێکدا کەوتینە بۆسەی پاسدارانەوە،بۆسەکە برێک لە پێشمانەوە بوو پێش ئەوەی بە تەواوی بکەوینە ناویەوە ،هەستمان پێیان کردو بە ڕاکردن بەرەودواوە گەڕاینەوە.مرۆڤ لە وەها دۆخێکدا هەر کەسەو بە پێی لێکدانەوەو وێناکردنەکانی خۆی دەجوڵێتەوەو ڕێڕەو دەگرێت.هەر لەو چرکەیەدا نەمانزانی ڕێبەرەکان چۆن و بە کوێدا ڕۆیشتن؟ ئەوان بە سەر پشتی ئەسپی باڵداری خۆیانەوە بوون،ئەو جۆرە ئەسپانە هەورازو نشێو و بەردەڵان نازانن،تەنانەت تاریکی شەویش کار لە ڕەوتی ڕێکردن و غاردانیان ناکات.

مل بە هەموو شوێنێکەوە دەنێن و سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە،لەو شەوەزەنگەدا وەکو با دەفڕن و بۆ یەک جاریش سەرسمێک نادەن.

هەر چەند کەس و بە لایەکدا ڕۆیشتین و تەرە بووین، منیش کە بەرەو دوا
گەڕامەوە، بە کەناری ڕێگاکەوە تارمایی شیوێکی بچووکم بە دیکرد، یەکسەر لام دایەوەو بەرەو ناو شیوەکە ڕۆیشتم.ئاگام لێبوو چەند کەسیتریش بە دوامدا هاتن..کەس قسە ناکات..کەمێک ڕۆیشتین پاشان بە بێدەنگی دانیشتین و گوێمان دەگرت.
ئەو شوێنە ڕێگای سەیارەی نەبوو پاسداران بە سواری ئەسپەوە هاتبوون و
بۆسەیان دانابوو.کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، ماوەیەکی زۆر بەو ناوەدادەنگی پێی ئەسپەکان دەهات و وەک بە دوای نەفەرەکاندا بگەڕێن وابوو. ئێمە لە پاڵ چەند تاوێرو بەردی گەورەدا وەک هەر بوونەوەرێکی تەرەکراوخۆمان مات دابوو هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو.
دوای ماوەیەک دەنگی پێی ئەسپەکان نەماو لە چەند لاوە دەنگی فیکەمان دەبیست، بەڵام ئێمە وەڵاممان نەدانەوە چوونکە ئێمە پێشتر نهێنیەکمان دانابوو، ئەگەر کەوتینە وەها دۆخێکەوە بەو نهێنییە بانگی یەکتر بکین.
دواتر ڕێبەرەکان"قاچاخچییەکان"گەڕانەوەو هاتن بۆ لای ئێمە.
ئێمە کە نهێنییەکەمان چەکووش بوو، بە دەنگی بەرز بانگمان دەکرد چەکووووش...لە چەند لای ترەوە دەنگی چکووش بەرز دەبوەوەو دەهاتن بۆ لامان.ئەوەی لەو دەوروبورە بوو یەکی گرتەوە، بەلام نیوەی نەفەرەکان دیار نەبوون.ڕێبەرەکان گوتیان ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکە بەڵکو ئەوان بۆ ئەویٚ گەڕابێتنەوە.
ئەوە بوو ڕێبەرەکان گەڕانەوە، دوای ماوەیەک هاتنەوەو باقی نەفەرەکانیان
لە گەڵ بوو، سەرژمێری کرا کەس نەگیرابوو.ئەوانەی کە گەڕابوونەوە بۆ گوندەکە هیلاک و پەرێشان ببوون، چوونکە هەر بە ڕاکردن گەڕابوونەوە.
بەڵام من پێم وابوو ئەو سیناروێیە قاچاخچییەکان خۆیان دروستیان کردبوو، یاخود بە دەست تێکەڵکردن لە گەڵ پاسداراندا بۆ ئازاردانی ئێمە، چوونکە قاچاخچییەکان هەموو کارو کردەوەیەکی ناشیرین و نامرۆییان لێدەوەشێتەوە.
دیسان بە ڕێکەوتین، هەڵبەتە بە ڕێگایەکی سەخت و دژواردا، هەندێجار چەند سعات بۆ سەرەوەو پاشان چەند سعات خوار دەبووینەوە، ڕێگایەکی بێمەوداو تاقەت پرووکێنمان دەبڕی و بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشتین.هەمووبڕستمان لێبڕابوو، زۆر کەس پەکی دەکەوت و توانای ڕێکردنی نەدەما.. زۆر کەس دەڕشایەوەو دەبوورایەوە..من چەند جار دەستی کەسانێکم دەگرت کە دواکەوتبوون و ئەگەر کەسێک ئاگای لێیان نەبوایە بە جێدەمان.
هەروەها شەوانە زۆر سارد بوو لە سەرماندا خەریک بوو ڕەقمان دەبردەوە
من تاکو ئەو کاتە نەمزانیبوو لە ناوچەو کوێستانەکانی کوردستانداو لە هاویندا سەرمای ئاوا هەبێت..هەڵبەتە لە شەودا سارد بوو.

**بەشی دووەم**

لەگەڵ ئەوەی شەوانە زۆر سارد بوو بە هۆی هیلاکی و شەکەتی لەڕادەبەدەرەوە، زۆر تینوومان دەبوو، تینوێتی زۆر کەسی پەرێشان دەکرد.لەو ڕێگایانەدا گرنگترین شتێک کە هەتبێت ئاوە، کە نابێت هەرگێز لێت ببڕێت.زۆر کەس ئەوەیان نەدەزانی یاخود گوێیان پێنەدەداو ئاویان لەگەڵ خۆیانهەڵنەدەگرت، کاتێکیش تینوێتی زۆری بۆیان دەهێنا داوای ئاویان لەکەسانیتر دەکرد.من هەرگیز نەمدەهێشت ئاوم لێببڕێت مەگەر شوێنێک هەر ئاوی نەبوایە، چوونکە تینووم بێت و ئاوم نەبێت بیخۆمەوە باوەڕم بە هیچ شتێک نامێنێت.من پێم وایە تینوێتی مرۆڤ زۆر نائومێد دەکات.هەروەها لەو دۆخەدا واپێویست دەکات هەموو پێداویستییەکت هیخۆت بێت، چوونکە کەم کەس کۆمەکی کەسانیتری دەکرد، لە بەر ئەوە لە هەر شوێنێکدا بە ئاو بگەیشتایەم دەبەکەمم پڕ دەکرد..ئەگەر پڕیش بوایە من هەر تێم دەکرد.. دەمگوت باپڕبێت..زۆرجار ئاوم بە کەسانێک دەدا کە تینوێتی زۆری بۆیان هێنابوو داوایان لەدەکردم، ئەستەم بوو بە لامەوە کەسێک داوای ئاوی لێم بکردایەو نەمدایە.
مرۆڤ ئەگەر لە ماڵدا یان لە سەر کانییەک دابنیشێت، لەوانەیە نەتوانێتوێنای ئەوە بکات کە قومێک ئاو لە کاتی تەنگانەدا چەند گرنگە..واتە لە کاتیتینوێتیدا قومێک ئاو مرۆڤێک دەبووژێنێتەوە یان لە مەرگ ڕزگاری دەکات.لەم

ڕێگایەدا تینوێتی زۆرجارو زۆر کەسی پەرێشان دەکردو هانایان بۆکەسانیتر دەبرد.هەروەها بە داخەوە کەم کەسیش هەبوون قومێک ئاوی خۆیان بە تینوویەکی پەرێشان دەدا...

ڕێگاکە دوورودرێژ بوو نەدەبڕایەوە،هەموومان هیلاک و وێران و خەواڵوو ببووین.لە شوێنێکدا بە سەر ڕێگاکەوە دوو ئەسپ کەوتبوون و دیار بوو بە گولە کوژرابوون،کەمێک بە دیاریانەوە وەستام،دیمەنێکی دڵتەنگ بوو بۆمن،هەروەها نیشانەی واقعێکی تاڵ..دەشێ خاوەنەکانیشیان بە سەر پشتی

ئەسپەکانەوە کوژرابێتن.دووریش نییە ئێمەش تووشی هەمان پێشهاتێکی وەها تاڵ نەبین،کەم نەبوون ئەو کۆچبەرانەی دەکەوتنە بۆسەی پاسداروجەندرمەکانی سنوورەوەو گولەباران دەکران...

بە دەردە سەرییەکی زۆر سبەینێ سعات نۆی بەیانی گەیشتینە گوندێکیتورکیا.دوای ئەوەی کەمێک حەساینەوە هەموومانیان خستە ناو لۆرییەکیگەورەوەو سعاتێک دوور لە گوندەکە،لە چۆڵەوانییەکدا دامانیانبەزاند. بۆ خواردنی نیوەڕۆ دوو مەنجەڵی گەورەی برنج و نیسکێنەیان,بۆمان هێنا. بەڵام لێرەش چایان بۆمان نەهێنا..لەوە دەچووقەندو شەکر تمەن و لیرەیزۆر تێچووبێت.دوای ئەوەی ماوەیەک حەواینەوە لە سعات دوانزەی نیوەڕۆ دیسان بە ڕێکەوتین.ئەمجارەش دەبێت بە پێ ڕێبکەین تاکودەگەینە سەر ئەو جادەقیرتاوەی کە گوایە بۆ "وان" دەڕوات،بە قەولی قاچاخچییەکان لەوێشەوەبۆ وان بە سەیارە بڕۆین.هەڵبەتە هەر وەجبەیەکی کۆچبەران بگەنە ئەو گوندانە،خەڵکی گوندەکە ئەوانەی کە ئەسپیان هەیەو دەیانەوێت بە کرێی بدەن،هەموویان دێن و کۆدەبنەوە تاکو ئەسپەکانیان بە کرێ بگرن.هەر لە منداڵێکی تەمەن حەوت هەشت ساڵەوە تاکوپیرەمێردێک.پێش ئەوەی بە ڕێبکەوین برێک لە نەفەرەکان هەر لەوێدائەسپیان بە کرێ گرت و قافڵە بە ڕێکەوت.دەیان ئەسپی تریش ماوە کەبەدەستی خاوەنەکانیانەوەیەو لە گەڵماندا ڕێدەکەن و بە هیوان کەسانێک هیلاکبن و ئەسپەکانیان بە کرێبگرن.ڕەشمەی ئەسپەکانیان دەدایە دەستمانەوەو دەیانویست بە"زۆر"ئەسپەکانیان بە کرێ بگرین.

دوان لە منداڵەکان لە من ئالأبوون و لێمنەدەبوونەوە،هەر یەکەیان داوای دەکرد ئەسپەکەی ئەو بە کرێ بگرم،ئەمە لە کاتێکدا من بڕیارم نەدابوو ئەسپ بەکرێ بگرم.من گیرم خواردبوو بە دەستیانەوەو زۆریش دڵم بۆیان دەسووتا.ئەوان منداڵ بوون و دەبوا منداڵانە بژیایەن،کەچی هەژاری و نایەکسانی فڕێیانی دابووە بازاڕی کارەوەو هیچ لە دنیای منداڵییان.هەموویان گورجوگۆڵبوون بەڵام ماندوو قژ درێژو ئاڵۆسکاوو سیما خۆر بردوو.هەرگیز نەدەبوو ئەوان ئەو کارە بکەن..هەرگیز...

من ئەگەرچی هیلاک ببووم و حەزم لە سواری ئەسپ دەکرد،بەڵام سەرباری ئەوەش نەمدەویست ئەسپ بە کرێ بگرم،چوونکە پارەدار نەبووم.سعاتێک ڕێمان کردبوو گەیشتبووینە دامێنی شاخێکی بەرز،منداڵەکانیش هەر لە گەڵمدا بوون و لێمنەدەبوونەوە.بە داخەوە..دەیانجار داوایان لێمکرد.. داوایەک وەک پاڕانەوە..تاکو ئەسپەکانیان بە کرێ بگرم و چەند دۆلارێکیاندەست بکەوێت.لە دامێنی شاخەکەدا بوو بە یەکێک لە منداڵەکانم گوت ئەسپەکەت ڕابگرەتاکو سەر دەکەوم.زۆر دڵی خۆش بوو ڕەشمەی ئەسپەکەی گرت تاکو من سەرکەوتم،بەڵام منداڵەکەیتر لێم دڵگیر بوو چوونکە ئەسپەکەی ئەوم نەگرت،من دەبوایە هەر ئەسپێکیانم بگرتایە..خۆ نەدەکرا هەردووکیانم بگرتایەو هەر قاچێکم بخستایەتە سەر یەکێکیان!

دوای ئەوەی لە شاخەکە سەرکەوتین نیو سعات ڕێمان نەکردبوو،لە شووێنێکداوەستانمانیان و گوتیان ئێمە تاکو ئێرە لە گەڵتاندابن.من وامدەزانی چەند سعاتیتریش لە گەڵماندا دەبن،بە منداڵەکانم گوت دەستانخۆش بێت باش فریوتاندام !کرێکەی دە دۆلار بوو.

*　　*　　*

دوای کەمێک حەوانەوەو نان خواردن و جگرەکێشانێک،دیسان بە ڕێکەوتین.هەڵبەتە دوو ڕێبەری تورکیمان لە گەڵ بوون کە کورد بوون.قاچاخچییەکان دەیان گوت لێرەوە تاکو سەر جادەکە سێ چوار سعاتە،بەڵام کەس باوەڕی بەو قسانە نەدەکرد،چوونکە قاچاخچییەکان زۆردرۆزن و دووڕوون.

ئەم ڕێگایە زۆر سەخت و دژوار بوو،سەختتر لە هەر ڕێگایەک تاکو ئێستاپێیدا هاتبووین.بە سعاتێک سەر شاخێک

دەکەوتین کەچی سەیرمان دەکرد شاخێکی لەوە بەرزترو سەختتر لە پێشماندایە،هەموو ڕێگاکان ڕچەڕێی باریکو بەردەڵان بوو.زۆر شوێنی قەدپاڵ و سێبەرو نسرمەکان ئەو شوێنانەی هەتاونەیدەگرت،بەفر بوو کە وەکو تاشە بەرد بەستبووی.زۆرجار ڕچە ڕێکان بە سەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت،دەبوا شوێن پێکانمان بە نوکە شەق چاڵ بکردایەو ئینجا هەنگاومان بنایە.

لەم ڕێگایەدا هەموومان پەکمان کەوتبوو کەس ووزەی ڕێکردنی نەمابوو، هەر بیست دەقەو نیو سعات دەوەستاین و پشوویەکمان دەدا.سعات هەشتی ئێوارە گەیشتینە کۆتایی شاخێک کە لەوە دەچوو قولەی قاف بووبێت، گوتیان ئیتر شاخ لە بەردەمماندا نەماوە،بەردەممان دۆڵێکی قووڵ و ناکۆتا دیار بوو،گوتیان کۆتایی ئەم دۆڵە سەر جادەکەیە.ماوەیەک بە سەر شاخەکەوە دانیشتین و حەواینەوە،نانمان دەخواردو جگەرەمان دەکێشاو ئازارمان دەچەشت.

تاریکی کردبوو لە بەرزایەکەوە نشێو بووینەوە،ئینجا دەبوایە دۆڵی قافمانبگرتایە.هەڵبەتە کە شەو داهات کەش و هەوا تەواو ساردیکرد.دەتوانم بڵێم کەسمان هیچ چلەی زستانێک بە قەد ئەو شەوەو ئەو چلەی هاوینە سەرمامان نەبووبیت!کزەبایەکی سارد وەکو جەقۆ هەناومانی دەبڕی.

من ئەو شەوەی کە لە ماڵە ئێرانییەکە لاماندا ،پارچە پەڕۆیەک کە وەکوچارۆکە وابوو،بە بێئاگەداری خاوەن ماڵەکە لە گەڵ خۆمدا هێنام،واتە"دزیم"،لە بەر ئەوەی جلی زیادەم پێنەبوو گوتم لەوانەیە بەکەڵکم بێت. لە سەرماندا وەکو"سوپەرمان" ئەو چارۆکەیەم کردبووە کۆڵم،بەڵام سوپەرمانێکی بێهێزو زەوق.لەو سوپەرمانە نەدەچووم کە بە ئاسماندا دەفڕێ و پیاسە لە سەرووی هەورەکانەوە دەکات،بەڵکو لەوجۆرەیان بووم کە بە زەویشدا توانای ڕێکردنی نەبوو.شەو بوو..قووڵی دۆڵەکەش هێندەیتر دنیای کردبووە شەوەزەنگ،وەکو بە نێو تونێلدا بڕۆین وابوو.سەتاخواری دۆلەکەش ئاوی پێدا دەرۆێشت،ئاوێک کە لە شەختەبەندەوە سەرچاوەی دەگرت.کەسێک نەمابوو چەندین جار نەکەوتبێت و جلەکانی تەڕوقوڕاوی نەبووبێت.هەر ڕێمان دەکردو ئەو دۆڵە نەفرەتییە کۆتایی نەدەهات،هەموو کەسێک پرتەو بۆڵەی دەهات.من پێم وابوو ئەو سەری ئەو دۆلە لەو سەری دنیاوە دەردەچێت..یان ئەو سەری هەر نییە..مرۆڤ لە کۆتایی هەر هیلاکی و شەکەتییەکدا پێویستی بە بڕێک حەوانەوە دەبێت تاکو ووزەی نوێ بەرهەم بهێنێت،کەچی ئێمە لە کۆتایی ئەو هەموو ماندوێتی و کوێرایەتیەدا کە بە قولەکانی قافداهەڵزنابووین،دەبوا دۆڵی قافیشمان بگرتایە..بە ڕاستی هەموو چرکەیەکی

ئەو کاتانە وەکو ترژیدیایەک بە ڕێوە دەچوو،هەموو کەسێک ئازار لەڕۆح و جەستەی دەچۆڕا.سعات چواری بەیانی گەیشتینە کۆتایی دۆڵەکە،کەس خۆی بەپێوە نەدەگرت،هەر چەند کەس و لە شوێنێکدا هەڵدەکورمان و خەویان لێدەکەوت.دوای دوو سعات لۆرییەکیان هێناو گوتیان سەرکەون،دوای ئەوەی سعاتێک ڕێمانکردبوو سەیارەکەمان پەکی کەوت،بە ناچاری دامانیان بەزاندو گوتیان دەبێت ئەمڕۆیش لە شاخ بمێننەوە،چونکە تاکو سەیارەیەکیتر دێت بە شوێنماندا ڕۆژ دەبێتەوەو ئەوەش ناکرێت.ئەوە بوو ئەو شەوەشمان لە شاخ بە سەر برد.

ئێوارە دوو سعاتیتر بە پێ ڕێمانکرد تاکو گەیشتینە ئەو شوێنە دیاری کراوەی کە سەیارەکەی بۆ دەهات،لەوێش تاکو سعات دوانزەی شەو چاوەڕێمانکرد ئینجا سەیارەکە هات.هەموومان بە پەلە سەرکەوتین و بەرەو"وان" بە ڕێکەوتین.دوای ئەوەی بردمانیانە ماڵێکەوەو سەرژمێری نەفەرەکان کرا،دەبینین دوو نەفەرمان دیار نییە.هەموومان پێمان وابوو

لەو شوێنەی چاوەڕوانی سەیارەکەمان دەکرد خەویان لێکەوتووەو بەجێماون.ئەوە بوو قاچاخچیەکان چوون بە دوایانداو هێناینەوە،ئەوان دواتربە ئاگا هاتبوون و هاتبوونە سەر جادەکە.

* * * *

دوای ئەوەی چوار ڕۆژ لە" وان"ماینەوە شەوی چوارەم سعات دوانزەی شەولۆرییەکی گەورەیان هێناو زیاتر لە حەفتا نەفەریان تێئاخنی و بەرەوئەستانبوڵ بە ڕێمانیانکرد،هەموومان لە سەر دەست و قاچی یەکتردانیشتبووین.

پاش دوو سعات لە سەر ئاوێک-زێیەک دامانیان بەزاند،گوتیان دەبێت چەند سعات بە سواری یەخت و بە ئاودا بڕۆین.یەخت و کەشتی لە بیرەوەری کۆچبەراندا شتێکی سامناک و پڕترس و نیگەرانییە،بیرەوەری ئەوانەی لە لە کەشتیەکاندا نوقمبوون و خنکاون و ببوونە خۆراکی ماسی و نەهەنگەکان لەمێشکو بیرەوەری هەر کۆچبەرێکدا،کاتێک

چاویان بە یەخت و دەریاو کەشتی دەکەوێت ،دەبێتە سێبەرو تارمیی مەرگ.بۆیە کاتێک کۆچبەران چاویان بە یەخت و دەریا کەوت پڕ بوون لە ترس..!ترسێک ڕەنگی ژیانی بە ڕۆخسارەکانەوە دەماڵی.هەموویان ڕوویان لە ئاسمان دەکردو نزایان دەکردومەولودویان قەرار دەدا تاکو خودا ڕزگاریان بکات! لەوێدا ئەو گوتەیەم بیر دەهاتەوە کە دەڵێت: خوداکان ترس خولقاندوونی.

ئەوانەی کە زۆر دەترسان دەچوونە ناو ژووری یەختەکەوە  تاکو چاویان بە ئاوەکە نەکەوێت.دەریا چەند جوان و دڵڕفێن و سیحراوییە،هێندەش دڵڕەقووشێتە کاتێک فێدەیگرێ و کەف دەچڕێ و داروبەردان بە یەکدا دەداو هەپروون بەهەپروونی دەکات...

نزیکەی دوو سعات بە ئاوەکەدا ڕۆیشتین،گوتیان ڕۆژمان لێدەبێتەوەو ناگەینەشوێنی مەبەست،لە بەر ئەوە لایانداوە کەنارو دامانیان بەزاندویەختەکان ڕۆیشتن،گوتیان سبەی ئێوارە دێینەوە بۆ لاتان.بە کەناری زێکەوە دۆڵ و قامیشەڵانێک هەبوو وەکو رەوە بەراز ڕوومان تێکرد.لە ڕاستیدا وەکو رەوە بەراز دەژیاین،چوونکە هەمیشە بە شەو دەردەچووین و بە ڕۆژیش دەبوایە خۆمان حەشاربدایە،مەگەر شوێنێک هەر زۆر چۆڵەوانی بوایە بە ڕۆژ ڕێمان بکردایە،بەرازیش وایە ئەگەر لە ئاوەدانییەوە نزیک بێت قەت بە ڕۆژ دەرناچێت.

سبەی ئێوارە کاتێک دنیا تاریک داهاتبوو یەختەکان گەڕانەوەو سەرکەوتین.سعاتێکیتر بە ئاوەکەدا رۆیشتین پاشان لاماندداوە کەنارو دابەزین،لەوێ بە کەنار جادەکەوە لۆرییەک چاوەڕوانمانیدەکرد،بە پەلەو بە ڕاکردن بەرەو لۆرییەکە ڕۆیشتین و سەرکەوتین.هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتبووین دەیانشەڕی سەیروسەمەرە کرا،هەر کەسێک لە بەر ئەوەی شوێنەکەی تەنگ بوو،ئەوەی تەنیشتی خۆی تاوانبار دەکرد کە گوایە ئەو تەنگی پێهەڵچنیوە.

لە تەنگی و دژواری شوێنەکەمان هەستمان بە خنکان و هەناسەسواری دەکرد.سەرباری ئەو جێگە تەنگییە کارەساتەکە لەوەدا بوو لۆرییەکە زۆربەی کاتەکان بە جادەی خۆڵدا دەڕۆیشت،هێندە هەڵبەزودابەزی دەکرد هەموو جەستەمان گرژ ببوو.هەروەها سەرەڕای ئەوەش ناو لۆرییەکە لە ڕۆژدا زۆر گەرم بوو،گەرمییەک وەکو تەنووری تێدابێت.چوونکە نەفەرەکان زۆر بوون و هەم نایلۆنێکی گەورە کە سەرتاسەری لۆرییەکە دەبوو،هەمیشە دەمانادا بە سەرمانا بۆ ئەوەی کەس نەمانینێت، لە گەرماندا ڕۆخسارمان ڕەش داگەڕابوو، گەرماو تینوێتی سووتاندبوومانی!چوونکە زۆرجار ئاومان لێدەبڕاو پەرێشان دەبووین،کاتێک سەیری ڕۆخسارەکانم دەکرد سەیرم دەهات کە بەو جۆرە ناشیرین ببووین! ئەو ناشیرینی و ئاڵ و گۆڕە کە لە سیماماندا ڕوویدابوو هەرگیز وەسف ناکرێت،هیچ کەسێک لەوەی پێشووتری خۆی نەدەچوو! ئازارو شەکەتی و ستەمێک کە دەمانچەشت،لە ڕۆخسارماندا ڕەنگێکی تاڵ تاڵی دەدایەوە.لەو جۆرە ئێش و ئازارانە نەبوو مرۆڤ بتوانێت بیشارێتەوە،بەڵکو ببووینە ئێش و ئازارێکی بەرجەستەو دیار،سێ شەوو ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە ئەستانبوڵ،سێ شەوو سێ ڕۆژ تاکو ئەو پەڕی ناشیرینی ئێمە تێیدا ناسیرین بووین.

لە ئەستەنبوڵ لە شوێنێکدا دابەزین چەند سەیارەیان بۆمان ئامادە کردبوو بۆشوقە بمانگوێزنەوە،ئەو جۆرە سەیارانە کە پێیان دەگوت دۆڵمش داخراو بوون.هەر یەکێک لەو سەیارانە پانزە تا بیست کەسیان تێئاخنیبوو.

تەنانەت جێی نووکە پێمانیش نەدەبوەوە،هەموومان بە سەر یەکداکەوتبووین،هیچ هەوای بۆ نەدەهات هەموومان هەستمان دەکرد هەر ئێستا یان کەمێکیتر دەخنکێین یان دەبوورێینەوە،لە گەرمی جەستەوهەناسەماندا هەموو جامی سەیارەکە ئاوی پێدا دەهاتەخوارەوەوهەموو جلەکانمان تەڕوعارەقاوی ببوو.یەکێک لە نەفەرەکان دەستی بە گریانکرد!دەیگوت من ئیتر دەمرم!هەرچەندە لە سەیارەکەمان دەداو بەشۆفێرەکەمان دەگوت دەرگایەک یان پەنجەرەیەک بکاتەوە بێسود بوو،نەفەرێک بە تورکی هەزار جوێنی بە شۆفێرەکەدا،بەڵام ئەو بۆ یەکجاریش وەڵامی نەدایەوە،دیار بوو ئەو ئاشنای ئەو جۆرە تراژیدیایە بوو.نێوان ئێمەوشۆفێرەکە بە تەختە ئاسنێک گیرابوو،ئێمە نەماندەتوانی دەستمان پێی بگاو ڕایوەستێنین،بەڵکو تەنها کونێکی بچووکی تێدا بوو ئەویش تەنهابە کەڵکی جوێندان دەهات نەک شتێکیتر.

هەر چۆنێک بوو بە نیوە مردوویی گەیشتینە شوقە! هەڵبەتە بۆ زۆر کەس ئەوانەی کەس و کاریان سەفەریان کردووە،ناوو باسی شوقەیان بیستووە،دیارە ئەو شوقانەی کۆچبەران بۆ ماوەیەک تێیدا دەمێننەوە،هەڵبەتە شوقەکانی تورکیاو هەروەها یۆنانیش.ئەو شوقانە کەمجار ڕێک دەکەوێت کەمێک پاکبن و کارەباو ئاوی خاوێنی تێدا بێت،بەڵکو

زۆربەیان لە گەوڕوزبڵئاوا دەچوون.شوقەکەی ئێمە ئەوەی دووەمیان بوو،ژێرزەمینێک بووهەتابڵێیت پیس و بۆگەناوی بوو ،هەروەها لە ناو دۆڵمش و لۆرییەکە گەرمتر بوو.

ئەم شوقانە لە فەزایەکی زۆر نامرۆییدا بەرجەستەیە،مرۆڤەکانی لەپەیوەنیدییەکی زۆر ناتەندروست و نائاساییدا دەژین،هەمیشە جوێن وقسەی ناشیرین و شەڕ لە ئارادایە،بە تایبەت قاچاخچییەکان دەتوانم بڵێم خاوەنی هیچ ئاکارێکی جوان و مرۆیی نین و لە بەرامبەر کۆچبەراندا پیسترین وناشیرینترین شێواز بە کاردێنن.هەر لە قسەی ناشیرین و سوکایەتی و تاکودەگاتە لێدان و دارکاریکردن.لەم شوقەیەدا نەفەرێک هەوڵی ڕاکردنیدابەڵام سەرکەوتو نەبوو گرتیان و زۆر دڕندانە دارکارییان کرد.

هەروەها ئەم شوقانەی کە کۆچبەری نایاسایی تێدایە،لە زانیاری و چاوی پۆلیس بە دوور نییە،بەڵکو پۆلیس زۆر بەباشی دەزانێت کۆچبەری نایاسایی تێدایەو پەیوەندیان لە گەڵ قاچاخچییەکاندا هەیەو پارەیان لەقاچاخچییەکان وەردەگرت.من جارێک ئاگام لێبوو یەکێک لە قاچاخچیەکانی ئەوێ کە کوردی عێراق بوو لە تورکیا دەژیا،هاتە لای قاچاخچییەکەی ئێمەوپێیگوت سەد دۆلارم لێت دەوێت،چوونکە پۆلیسەکان لە بەر دەرگان و چاوەڕێدەکەن،قاچاخچییەکەی ئێمە ویستی خۆی لەو داوایە لابداو پارە نەدات،بەڵام ئەو پێیگوت ئەگەر نایدەیت هەمووتان بە گرتن دەدەم! ئیترئەویش ناچار بوو پارەکەی دایە.

پێنج ڕۆژ لەو گەوڕەدا بووم هەستم وابوو ساڵانێکە لە زیندانێکی ڕەشدام،هەمیشە لە بێتاقەتی و غەمگینییەکی کوشندەدا دەژیام.هەندێک جار بیرم لە گەڕانەوە دەکردەوە..بەڵام نەدەزانی بۆ نەمدەتوانی ئەو بڕیارە بدەم؟!

* * *

سعات یانزەی پێنجەمین شەو دۆڵمشەکەیان هێناو گوتیان دەچینە سەر دەریاوبەرەو یونان بە ڕێدەکەوین.کەس حەزی لەو سەیارەیە نەدەکرد،چوونکە دەمانزانی تێیدا تووشی چ هەناسە سوارییەک دەبین. هەمیشە لە بارێکیخراپەوە بە بارێکی خراپتردا تێدەپەڕین،ئەمجارە بیست و هەشت کەسیان تێئاخنی! لە گەرمی و تەنگی شوێنەکانماندا نەماندەزانی چ بکەین، بە فەلاکەتی و دەردەسەرییەکی زۆر گەیشتینە سەر دەریا.

* * *

یەختێکی بچووک وماندو..دەریایەکی شێت و بێسنوور قەدەرێکی تاڵ ونادیار.کەس هیچی لە بارەوە نەدەزانی..هەموو پڕبوون لە ترس..ترس...!ئەی زەریا ئارامبە..سەوڵی چنگی ووردیلەی ئەم نەوڕەسانەمەشکێنە کە بێباڵن،ئەی دەریا..پیرە کەشتی ئەم مەسافیرانە وێران مەکە کە نازانن بۆ کوێ دەڕۆن! ئارامبە با هەست بە خۆشی و جوانییەکانت بکەین.شێت مەبە ئەی دەریا با ڕقمان لێت نەبێتەوە..

مرۆڤ لەم جۆرە یەختانەدا هەست بە جوانی و سیحری دەریا ناکات،بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە ترس و مەرگێکی بێئامان دەکات لە بەرامبەر خۆیدالەنێو کەشتییەکدا کە بە کەمترین شێتی و فێگرتنەکانی دەریا لەبەر یەک هەڵوەشێت و نوقم بێت،تێیدا ناحەزی و ترس و سامەکانی دەریا زەق و بەرجەستە دەبێتەوە نەک جوانی و فەنتازییەکانی..پێکەنین و ئارامی لە سیمای کەسدا هەست پێنەدەکرا،وەک چۆن بەرەو ڕووی مەرگێکی نادیار بڕۆن ڕۆخسارەکان پڕخەم و چاوەکان ئەبڵەق بوون.ئەم یەختانە چوونکە یاساخن هەمیشە بەشوێنە دوورە دەستەکاندا دەڕۆن، بە درێژایی ڕۆژ چەند جارێک کەشتیترمان دەبینی کە ئەویش چەندین کیلۆ مەتر لە ئێمەوە دوور بوون،ئەوەش هۆکارێکە کاتێک ئەم یەختانە نوقم دەبن کەس بە فریادیان ناکەوێت و هە موو سەر نشینەکانی دەخنکێن، هەروەها ئەوەش دەبێتە مایەی ترس و نیگەرانییەکی زۆرتر کە هەست بکەیت لە هەر لێقەومانێکدا ڕووبەڕوی مەرگ دەبیتەوە.شتێکیتر کە دەبێتە مایەی ترس و تۆقین ئەوەیە کە ئەم یەختانە کەمجار یەختێکی ئاسایی و باشن و مرۆڤ تێیدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات،هەروەها هەمیشە لە حەدی خۆی زیاتری تێدەکەن و قورس دەبێت،کۆچبەرانیش هەموو ئەوانە دەزانن بۆیە ترسی نوقم بوون و مەرگ لێیان نابێتەوە.

دەریا بە بای توند شێت دەبێ و فێدەیگرێت،وەکو ئەوە وایە هێزێکی گەورە لەژێرەوە پاڵی پێوە بنێ و بیهەژێنێت.هەر کاتێک بایەکە بە هێز دەبوو یەختەکە وەکو چیلکەو چەواڵی سەر لافاو بەرزو نزمی دەکردو پێمان وابوو هەرئێستا سەروبن

دەبێت.دوایی یەکێک لەو برادەرانە گوتی یەختەکەی ئێمەوەکو قاوغە شخاتە وابوو بە سەر ئاوەکەوە.ئەو کاتانەی شەپۆلەکان یاری بە یەختەکە دەکرد،هەستم دەکرد هەر یەکێک لە بیرو ئەندێشەی خۆیدا چاوەڕوانی شتێکی دەکرد،هەندێ کەس لە شوێنەکەی خۆی ڕاست دەبووەوەو وای دەزانی یەختەکە وەردەگەڕێت.

من زۆربەی کات لە دواوەی یەختەکەوە دادەنیشتم سەیری دەریاکەم دەکرد،بیرم دەکردەوەو دەمگوت ئەم دنیایە لە ئاو چییە! دەریا بەو هەموو جوانی و فانتازییەوە خەریکبوو ڕقم لێی دەبوەوە! وەکو دەعبایەک دەمبنی کەبە فوویەک خۆم و کەشتیم نغرۆو پارچە پارچە دەکات.هەندێک جار ماسی وەها گەورەم دەبینی کە لە ئاوەکەوە لوتیان دەردەهێناوهەوایان دەمژی ونمایشی قودرەتی خۆیانیان دەکرد،کە ئەوان دەتوانن لە دەریادا مرۆڤیش بخۆن! من هەمیشە حەزم لە ماسی و ڕاوە ماسی بووە،هەر کاتێک ماسییەکی گەورەم لە هەر ئاوێکدا بینیبێت هۆشم لای خۆم نەدەما تاکو نەمگرتایە! بەڵام ئەم جارە ئەو حەزەم نەبوو حەزم لە دیتن و سەیر کردنیان نەبوو،چوونکە هەستم دەکرد ئەگەر دەریا کەمێکیتر باری شێتی و تووڕەییەکەی زیاد بکات،ئەمجارە من دەبمە نێچیری ئەوان.

دەریای ڕەش هەر بە ڕاستی دڵ ڕەش و شەوەزەنگ بوو..یان لە بیرو ئەندێشەی مندا ڕەش و ناشیرین بوو!

جوانییەکانی دەریاو سرووشت ئەو کاتانە جوانن کە مرۆڤ لە بەرامبەریاندا هەست بە مەترسی نەکات،بەڵام کاتێک دیاردەیەکی جوان دەبێتە مەترسی وتارمایی مەرگ،ئیتر هیچ مانایەکی جوانی تێدا نامێنێت.

بەو جۆرە لێوان لێو لە ترس و نائارامی سەوڵی ژیانمان لێدەداو لەچاوەڕوانی کەناردا بووین،کەنار ئومێدێکی دوورە دەست و کز بوو، نەماندەزانی کەنگێ پێی دەگەین..کەس یەقین نبوو باڵەکانی بەرگەی ئەو فڕینە بێمەودایە بگرێت..کەس یەقین نەبوو...!

ئەم کەشتیە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت..نا
کەنگێ زەمین بوو بە زەریاو
زەریا کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو!
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو.. نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست ..کەس
ئەوێ ڕۆژێ هەر وەک دواساتەکانی ژیان بێت
مرۆڤێک گۆرانی نەدەچڕی
وەک شعوری پێکەنین بەستەڵۆک بێت
ئەوێ ڕۆژێ کەسێک قاقای لێنەدەدا
زەریا هەموو شتێکی بردبوو
زەریا هەموو شتێکی پۆشیبوو
چ تاڵ بوو قەدەری ئەم سەفەرە هاوسەفەران
چ غەمگین بوو ئەم سەفەرە..هاوسەفەران
ئەوێ ڕۆژێ نەمانزانی پێبکەنین
یان حەقیقەت ئاواهی بوو..
شەوارە بووین..
یان ئەو دەمەی قەدەر بێڕەحم بوو..!

* *

سێ ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە کەنارەکانی یونان،لە بەر ئەوەی یەختەکەمان کۆن بوو خێرا نەدەڕۆیشت،ئەگینا نێوان تورکیاو یونان هێندە دوور نییە